www.kurdistannet.org 15-8-2003

# پشکۆی ئەشق

حەمەسەعید حەسەن

با ویژدانت ئاسوودەبێ
ئەمە یەکەم نسکۆ نییە
تووشم دەبێ.

زۆر جاری تر
لە ناکاو بەجێیان هێشتووم،
زۆر جاری تر
فرمێسک بەرچاوی لێڵ کردووم.

زۆر جاری تر
لاپەڕەی هەستیان ژاکاندووم
زۆر جاری تر
گوڵدانی دڵیان شکاندووم.

تالآوی زۆر گلانی ترم نۆشیوە،
زۆر جاری تر
تێکشکانی خۆمم دیوە.

زۆر جاری تر
تەرمی هیوام
دەست نەیارانم کەوتووە،
زۆر جاری تر
شکۆمیان پێشێل کردووە.

لە تۆ زیز نیم،
لە خۆم تووڕەم
شین بۆ دڵسافیی خۆم دەکەم
زۆر جاری تر پەنجەی ڕۆحم
بە پشکۆی ئەشقا چزاوە،
کەچی هەر دەستی بۆ دەبەم.

لە ئەزموونی خۆمەوە هیچ فێر نابم
ئەوین میوەی بەهەشتە لێی تێر نابم.

2003. 08. 14